# لەیلا مستەفا مەحمود خۆشناو

لە ساڵی 1959 لە شەقڵاوە لە دایکبووە، مەڵبەندی پێگەیاندنی مامۆستایانی لە هەولێر تەواو کردووە، بەشی دەروونزانی منداڵان. هەر لە منداڵییەوە خولیای هۆنراوە و مۆسیقا و گۆرانی بووە، کارو چالاکی لە خوێندنی سەرەتاییدا لەگەڵ تیپی مۆسیقای سەفین بووە، لە هەموو بۆنە نەتەوایەتی و چالاکی قوتابخانەکاندا بەشداری کردووە، لە پۆلی چوارەمی سەرەتایی بە هاوکاری کارمەندانی بەشی منداڵانی رادیۆی بەغدا هەشت گۆرانی بۆ منداڵان تۆمار کردووە، لە گۆڤار و چاپەمەنییەکاندا چەندین هۆنراوەی بۆ منداڵان بڵاوکردۆتەوە و بەشداری نمایشی شانۆییشی کردووە.